# The Role of Water Resources in Tourism Development in the District of Choman

Halgurd Sheikh Husain
Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.18*
*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*Water resources, including both types; surface and groundwater, have a significant role in the world in the field of tourism. We see many important tourist areas in the world are located on water resources that are important and attractive areas for tourists such oceans and rivers where important water resources to the tourism sector. There is a strong relationship between tourists and water resources. Tourists usually are attracted to places that are rich in water resources. Some of the water resources are seasonal, with the presence of several important springs in the study area which make it to contain several locations that are important to tourism in the study area. That makes it to be visited by many tourists annually, especially in the summer.*

***Keyword***: *Choman, tourism, Water resources.*

# ڕۆڵی دەرامەتی ئاو لە پەرەپێدانی چالاکی گەشتیاری لە قەزای چۆمان

**هلگورد شێخ حسين**
Halgurd.husain@soran.edu.iq
**زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب/ بەشی جوگرافیای کارەکی و لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان**

پوختەی توێژینەوە:

دەرامەتی ئاو بە هەردوو جۆرەکەی (سەرزەوی و ژێرزەوی) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جیهاندا لە بواری کەرتی گەشتوگوزاردا، دەبینین چەندان ناوچەی گەشتوگوزاری گرنگ لە جیهاندا کەوتوونەتە سەر سەرچاوەکانی ئاو کە ناوچەی گرنگ و سەرنجڕاکێشن بۆ گەشتیاران، بۆ نموونە، وڵاتی تورکیای دراوسێ زۆربەی شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی کەوتوونەتە سەر دەریا و ڕووبەرە ئاوییەکان، واتە، سەرچاوەکانی ئاو چەندە گرنگن بۆ کەرتی گەشوگوزار، دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان گەشتیاران و دەرامەتی ئاو. گەشتیاران حەز بەو شوێنانە دەکەن، کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەکانی ئاو. واتە، دەرامەتی ئاو ڕۆڵی هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران. قەزای چۆمان دەوڵەمەندە بە دەرامەتەکانی ئاو، کە چەندان ڕووبار و لقە ڕووباری تێدا هەڵکەوتووە، هەندێکیان هەمیشەیین و هەندێکی تریشیان وەرزین، لەگەڵ بوونی چەندان کانیاوی گرنگ لە ناوچەکە، ئەمەش وایکردووە چەندان شوێنی گەشتوگوزاری گرنگ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونیان هەبێت و ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە ناوچەکە بکەن بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا.

**وشە کلیلیەکان: چۆمان، گەشتوگوزار، دەرامەتی ئاو.**

**پێشەکی:**

ولاتگەشتوگوزار لە ڕۆژگاری ئێستادا بنەمایەکی گرنگی داهاتە بۆ زۆر لە ولاتانی جیهان، بە تایبەتی ئەو ولاتانەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوە ئاوییەکانی وەکو ئاوی هەرێمی و کەنار و ڕووبار و کانیاوەکان، لە زۆربەی ئەو ولاتانە گەشتوگوزار داهاتێکی نیشتمانی گرنگە و شوێنی سەرچاوەکانی تری کەرتی ئابووری گرتۆتەوە، بۆ نموونە، ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی ٢٠٢٣ لە ولاتی تورکیا گەیشتۆتە زیاتر لە ٤٩ ملیۆن گەشتیار، کە لە ڕووی ئابووریەوە زۆر گرنگە، لە ڕووی کۆمەلایەتیشەوە گەشتوگوزار دەبێتە هۆی ناسین و ئاشنابوونی کولتووری ولاتان و ئالوگۆڕی بیروڕا لە نێوان گەشتیاران و دانیشتوانی ئە وناوچانەی سەردانی دەکەن. بۆیە بایەخدان بە ولاتگەشتوگوزار زۆر گرنگە، چونکە داهات بۆ ولات مسۆگەر دەکات و ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان بەرز دەکاتەوە و ولات بە جیهانی دەرەوە دەناسێنێت.

**گرنگی توێژینەوە:**

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی بنەما سرشتییەکانی گەشتوگوزار دەوڵەمەندە، بە تایبەتی بنەما و توانستی جۆراوجۆری دەرامەتە ئاوییەکان، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر پەرەپێدانی ئابووری قەزاکە لە ڕێگای ڕاکێشانی گەشتیاران.

**ئامانجی توێژینەوە:**

خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرامەتە ئاوییەکانی قەزای چۆمان، وێرای دەرخستنی توانستەکانی ئەم بنەما بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار.

**گرفتی توێژینەوە:**

قەزای چۆمان دەوڵەمەندە  بە سەرچاوەکانی ئاو (سەرزەوی و ژێرزەوی)، بەلام بە هۆی نەبوونی یان کەمی خزمەتگوزارییەکانی سەرخان و ژێرخانی گەشتوگوزاری کاریگەری کردوتەسەر ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لەم توێژیەنەوەیەدا پێویستمان بە چەند میتۆدێک هەبوو بۆئەوەی بە ئامانجی توێژینەوەکەمان بگەین، میتۆدی سەرەکی لە بواری جوگرافیدا کاری لە سەر دەکرێت، بریتین لە دوو میتۆد:

1 - (میتۆدی الاستقرائ، دۆزینەوەیی، خوێندنەوەیی) کە لە بەش وردەکارییەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە گشتی.

2 - هەروەها میتۆدی الاستنباطی کە لە گشتییەوە بۆ بەش و لە وردەکارییەکان دەکوڵێتەوە. هەردوو میتۆدەکە گرنگن بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لە سەر چالاکی و لایەنە جیاوازەکانی گەشتوگوزار و پیشاندانی نەخشەی جیاواز لە سەر ناوچەکە و بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی ( GIS ) و پشتمان بە میتۆدی وەسفی و شیکاری و سەردانی مەیدانی بەستووە بۆ دەرخستن و پیشاندانی شوێنە ولاتگەشتوگوزارییەکان و ڕۆڵی دەرامەتی ئاو لە ڕاکێشانی گەشتیاران.

**گریمانەی توێژینەوە:**

لەم دوو گریمانەیە سەرچاوە دەگرێت:

١- ئایا دەرامەتی ئاو لە قەزای چۆمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە.

٢- بوونی جۆراوجۆری دەرامەتە ئاوییەکان کاریگەری هەبووە لە ڕاکێشانی گەشتیاران.

**پلانی توێژینەوە:**

پلانی ئەم توێژینەوەیە بە سەر سێ تەوەرەی سەرەکی و چەند باسێک دابەشکراوە، کە لە تەوەرەی یەکەم باس لە چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە دەکەین لەگەڵ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، لە تەوەرەی دووەمدا، باس لە سەرچاوەکانی دەرامەتی ئاو دەکەین، کە خۆی لە ڕووبار و کانیاوەکان دەبینێتەوە، تەوەرەی سێیەم، باس لەو شوێنە ولاتگەشتوگوزارییە

گرنگانە دەکەین، کە کەوتوونەتە سەر سەرچاوەکانی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لە کۆتایدا کۆمەڵێک ئەنجام و پێشنیاز خراوەتەڕوو.

**١- ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**١-١: شوێنی جوگرافی و فەلەکی:**

**١-١-٢ شوێنی جوگرافی:**

شوێنی جوگرافی بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکان دادەنرێت بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران و پەرەسەندنی بواری گەشتوگوزاری، گرنگی شوێنی جوگرافی لەوەدایە، کە چوارچێوەی جوگرافی هەرێمێک و سیفاتە سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دیاریدەکەن و دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێسانی گەشتیاران (قادر،٢٠٢٢، ل٩).

ناوچەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە قەزاکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و (١٦٠کم) لە ناوەندی پارێزگاوە دوورە، ئەم قەزایە دەکەوێتەسەر ڕێگای ستراتیژی هاملتۆن، کە پارێزگای هەولێر بە ئێران دەبەستێتەوە.

شاری چۆمان دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیای (هەڵگورد – سەکران) و شوێنێکی ستراتیژیشی هەیە بە هۆی ئەوەی بۆتە خاڵی بەیەکگەیاندنی دوو وڵات (ئێران – عێراق). (دیوانە و الرواندزی،٢٠١٩، ص٢٥٧-٢٥٨). قەزای سۆران دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژئاوای قەزای چۆمان، ئێرانیش دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و پارێزگای سلێمانیش دەکەوێتە باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە، قەزای ڕواندزیش دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە.

**١-١-٣ شوێنی فەلەکی:**

قەزای چۆمان لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەکانی پانی باکور (36’,27=,54) بۆ (-5 ,=36’,47)و هەردوو هێڵی درێژی ڕۆژهەڵات (-45’,5=,10) بۆ (-45’,51=,25)، نەخشەی ژمارە (١)، هەروەها لە ڕووی کارگێڕییەوە، هەریەک لە ناحیەکانی

(حاجی ئۆمەران، گەڵاڵە، قەسرێ، سمیلان و سەنتەری قەزای چۆمان) لەخۆدەگرێت. (حمد، ٢٠٢١،ل١٨).

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی عێراق و هەرێم و پارێزگای هەولێر




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis10.7) بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی ( GIS ) ( ٢٠٢٤).

## ٢-چەمک و زاراوەکانی لێکۆڵینەوە:

### ٢-١ دەرامەتی ئاو:

ئاو بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە سروشتییەکان دادەنرێت، کە لە سەر ڕووی زەوی و ژێرزەوی و بەرگی گازیدا بڵاوبۆتەوە، وێڕای ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری لە جەستەی بوونەوەرەکان پێکهێناوە، بۆیە دەکرێت ئەم سامانە ببێتە مایەی بەردەوامبوونی ژیان (سعید،

٢٠٠٨، ل٨٦). دەرامەتی ئاو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەیدابوون و گەشەکردنی گەشتوگوزار و گەشەپێدانی گەشتوگوزار هەیە، ئەم دەرامەتەش لەمانە پێکدێت (باران و بەفر، ئاوی سەرزەوی، ڕووبار و دەریاچەکان، ئاوی ژێرزەوی و ئاوی کانزایی) لێکۆڵینەوە لە ڕووبار و دەریاچە و کانیاوەکان بە پێی برو جۆر و شوێنیان و بەکارهێنانیان لە لێکۆڵینەوە گەشتوگوزارییەکاندا گرنگن و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ زۆر لایەنەکانی چالاکی گەشتوگوزاری هەیە. (سەعید،٢٠١٤، ل٢٣١).

دەرامەتی ئاو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار هەیە، ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەرامەتی ئاو لە سەر چالاکییە گەشتوگوزارییەکان دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ پێیانەوە بەستراونەتەوە، وەکو سەیرکردنی دیمەنە جوانەکانی بەفر و گەڕان بەناویدا و ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی خلیسکانی سەر بەفر و مەلەکردن و سەوڵلێدان و ڕاوەماسی و گەشتوگوزاری چارەسەری کانزایی، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە کاریگەری ناڕاستەوخۆی دارامەتی ئاو پەیوەستە بە جوانکردنی سروشت و دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی دانیشتوانی بنکە گەشتوگوزارییەکان و گەشتیاران لە ئاو (نەقشەبەندی، ١٩٩٩، ل٦-٧).

کەواتە دەتوانین بڵێین دەرامەتی ئاو سەرجەم ئاوەکانی سەرزەوی باران و بەفر و ئاوی سەرزەوی وەکو ڕووبار و دەریاچە و گۆماوەکان دەگرێتەوە لەگەڵ ئاوی ژێرزەوی و ئاوی کانیاوەکان کە ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری و ڕاکێشانی گەشتیاران هەیە.

### ٢-٢ گەشتیار:Tourist

لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی گەشتوگوزاریدا ناسینی گەشتیار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی توخمێکی گرنگی چالاکی گەشتوگوزارە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەموو دیاریدە و چالاکییە گەشتوگوزارییەکانی تر لە پەیوەندییەکی بەهێزدان لەگەڵیدا و بۆ خزمەتی ئەون.

لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانین شارەزایی لەبارەی زاراوەی گەشتیار بەدەستبهێنین. (عومەر.٢٠٠٩: ل١٨)، قاموسی ویبسترز (Websters) پێناسەی گەشتیار دەكات و دەڵێت ئەو كەسەیە كە هەڵدەستێت بەگەشتكردن بە مەبەستی خۆشی و بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری. (دیوانە، ٢٠٠٨: ل٥)، گەشتیار ئەو كەسەیە، كە گەشت بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی زێدی خۆی دەكات، ئەمەش بە هەر هۆیەک بێت، گرنگ نییە، بەڵام بە مەبەستی دەستكەوتی ماددی و خوێندن نەبێت، لە ناوەوەی وڵاتەكەی بێت یان لە دەرەوە پێویستە ٢٤ كاتژمێر بمێنێتەوە. (روستی. ٢٠١٠: ل٢٨)، لەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت، گەشتیار ئەو كەسەیە كە گەشتدەكات لە شوێنی هەمیشەیی خۆی بۆ شوێنێكی تر بۆ ماوەیەكی كاتی كەمتر نەبێت لە ٢٤ كاتژمێر و زیاتر نەبێت لە ساڵێک بە مەبەستی كاتبەسەربردن.

### ٢-٣ گەشتوگوزار:Tourism

تویژەران تاكو ئەمڕۆش لە سەر پێناسەی گەشتوگوزار یەكدەنگ نین، چەندان پێناسەی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە بەدیدەكرێت، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی كە پسپۆڕی گەشتوگوزاری نەمسایی (بێرنیكر-Bernikr) بڵێت: (زاراوەی گەشتوگوزار بەقەد ژمارەی توێژەرەكان پێناسەی هەیە) (النقشبندي،١٩٧٩: ل٣٧)، هەربۆیەشە پێناسەی گەشتوگوزار هەمەجۆرە بە هۆی جیاوازی پسپۆڕییە زانستەكانی كە لەو دیاردەیە دەكۆڵنەوە. لێرەدا هەندێک لە ڕاو و بۆچوونی توێژەران و پسپۆڕانی بواری گەشتوگوزار لەبارەی زاراوەی گەشتوگوزار دەخەینەڕوو: وشەی گەشتوگوزار (tourism) لە وشەی (tuor) وەرگیراوە، واتاكەی لە زمانی ئینگلیزیدا گەشتێكە، كەسێک پێی هەڵدەستێت و گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵ كە دەستپێكردووە یاخود گەشتێكی بازنەیی، پلان بۆ دانراوە بۆ سەردانیكردنی چەند شوێنێک لە پێناو خۆشی و پشودان و حەوانەوە بە تایبەتی لە كاتی پشووەكان (الشرقاوی و الاخرون، ٢٠٠٦: ل٣).

ڕێکخراوی گەشتیاریی نێودەوڵەتی (WTO) پێناسەی گەشتوگوزار دەکات بە، چالاکییەکانی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە سەفەر دەکەن و نیشتەجێ دەبن لە دەرەوەی ژینگەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی چەند کارێک یان بەسەربردنی کاتی بەتاڵ یان بە مەبەستی تر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جوڵەیەکی کاتی. (Medlik.2003:p.vii)

گەشتوگوزار هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ پێیان هەڵدەستێت لە ناوچەیەکی دوور لە شوێنی هەمیشەیی خۆی بەبێ بەدەستهێنانی هیچ مەبەستێکی ماددی و قازانج. واتە، گەشتوگوزار وەک بزاڤێک هیچ دەرامەتێکی ئابووری بۆ گەشتیار بەدواوە نییە، لەو ژینگەیەی کە سەردانی دەکات، بەڵکو لە گەشتەکەیدا پارە خەرجدەکات بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی ماددی لە گەشتەکەیدا هەبێت (علی، ٢٠١٦: ل٥).

بۆیە دەتوانین بڵێین: گەشتوگوزار ئەو چالاکییانەن، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی حەوانەوە و ئارامی دەروون و جەستە بۆ مرۆڤەکان، بە مەرجێک ماوەی مانەوەکەی لە ٢٤ کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت و دوور بێت لە ئەرک و کارکردن یان دەستکەوتنی ماددی و خوێندن.

**٢-٤ پەرەپێدان:**

ئەگەرچی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان مێژوویەکی دووری هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی بەرفراوان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کەوتە دووتوێی لاپەڕەی توێژینەوە زانستییەکان، ئەمەش بە هۆکاری سەرهەڵدان و زۆربوونی کێشەکان لە گشت بوارەکانی ژیان دوای ئەم جەنگە کاولکارییە جیهانییە و بە تایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، کە پێویست بوو چارەسەرێک بۆ ئەم هەموو کێشە زۆرە بدۆزرێتەوەکە، کە توشی مرۆڤایەتی هاتووە.(Mowforth, 2015, p115).

چەمکی پەرەپێدان: بریتییە لە کرداری گۆڕینی پەیکەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی دانیشتوان و بەهێزکردنی ئابووری ناوچەکە، پەرەپێدان کرداری پاڵنانە بە ئاراستەی زیادکردنی داهاتی نیشتمانی لە کاتێکی دیاریکراودا. (عبدالله، ٢٠٢٣، ل.١٨).

کەواتە، پەرەپێدان بریتییە لە گۆڕین و باشترکردنی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە شوێنێک بە مەبەستی برەودان و بەرەوپێشبردنی لایەنێک لە لایەنەکانی کەرتی ئابووری.

**٢-٥ پەرەپێدانی وڵاتگەشتوگوزار:**

بریتییە لە کۆمەڵێک کردار بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و کارئاسانی دامەزراوەکان لە کەرتی گەشتوگوزاری، بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم داواکارییەکانی گەشتیار تا ئەوپەڕی دڵنیایی (یوسف، ابراهیم، مینە، احمد، ٢٠٢٤. ل ٣٨٤).

کەواتە، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کۆمەڵە کردارێک لەخۆدەگرێت, کە پێویستیان بە بەرەوپێشبردن و گۆڕین هەیە, وەکو خزمەتگوزارییەکان بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەیەکی دیاریکراودا.

**٣-سەرچاوەکانی دەرامەتی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا:**

دەرامەتی ئاو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەیدابوون و گەشەکردنی گەشتوگوزار و گەشەپێدانی گەشتوگوزار هەیە، ئەم دەرامەتەش لەمانە پێکدێت: (باران و بەفر، ئاوی سەر زەوی، ڕووبار و دەریاچەکان، ئاوی ژێر زەوی و ئاوی کانزایی)، لێکۆڵینەوە لە ڕووبار و دەریاچە و کانیاوەکان بە پێی بڕ و جۆر و شوێنیان و بەکارهێنانیان لە لێکۆڵینەوە گەشتوگوزارییەکاندا گرنگن و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ زۆر لە لایەنەکانی چالاکی گەشتوگوزاری هەیە (سەعید، ٢٠١٤: ل٢٣١). سامانی ئاو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزار هەیە، ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سامانی ئاو لە سەر

چالاكییە گەشتوگوزارییەكان ڕاستەوخۆ بەستراون پێیانەوە دەردەكەوێت، وەک سەیركردنی دیمەنە جوانەكانی بەفر و گەڕان بە ناویدا و ئەنجامدانی وەرزشی خلیسكانی سەربەفر و مەلەكردن و سەوڵێدان و ڕاوەماسی و گەشتوگوزاری چارەسەری كانزایی ئەمە لە لایەک، لە لایەكی ترەوە كاریگەری ناڕاستەوخۆی سامانی ئاو پەیوەستە بە جوانكردنی سروشت و دابینكردنی پێداویستی ڕۆژانەی دانیشتووانی بنكە گەشتوگوزارییەكان و گەشتیاران لە ئاو. (نەقشبەندی، ١٩٩٩: ل ٦-٧).

بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی لەبارەی بەكارهێنانی ئاو لە لایەن گەشتیارانەوە كراوە، دەركەوتووە، چالاكییە گەشتوگوزارییەكان پێویستیان بە بڕی جیاواز لە ئاو هەیە لە ناوچە گەشتوگوزارییەكاندا، بەپێی خشتەی (١):

خشتەی (١) پێداویستی ڕۆژانەی ئاو بە جۆری گەشتوگوزارەوە

| جۆری گەشتوگوزار | پێداویستی لە ئاو لیتر/ ڕۆژ/ گەشتیار |
|---|---|
| ئوتێل و خانوو | ٢٥٠-٣٥٠ |
| چادرگەكان | ١٠٠-١٥٠ |
| ناوچە سەوزاییەكان | ١٠٠-٢٠٠ |
| بنكە تەندروستییەكان | ٦٠٠-٩٠٠ |
| چالاكییەكانی خۆشگوزەرانی | ٣٠٠-٤٠٠ |

سەرچاوە/( اليعقوبي، ٢٠٠٠، ل٢٠٣).

ناوچەی لێكۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، كە ئەمەش وایكردووە ببێتە هۆی دروستبوونی چەندان جۆری گەشتوگوزاری لە ناوچەكەدا.

سەرچاوە ئاوییەكان لە ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەبن، بەم شێوەی خوارەوە:

**٣-١: ئاوی سەرزەوی:**

ئاوی سەرزەوی خۆی لە ڕووبار و دەریاچەكان دەبینێتەوە، هەرێمی كوردستان دەوڵەمەندە بە ئاوی سەرزەوی، كە چەندان ڕووبار بە ناو خاكەكەیدا تێپەڕ دەبن، لە گرنگترینیان ڕووباری دیجلە و هەر پێنج لقەكانیەتی، ئاوی سەرزەوی لە ساڵێكەوە بۆ ساڵێكی تر جیاوازە، ئەمەش

بەپێی بڕی ئەو باران و بەفرەی لە ساڵێکدا دەبارێت (شەریف، ١٩٩٩: ل ١٢٨-١٢٩). ئەوەی تا ئێستا جێگای نیگەرانییە نەتوانراوە وەکو پێویست چ بۆ کشتوکاڵ چ بۆ خواردنەوە سوود لەم ئاوە وەربگیرێت، سەرەڕای ئەوەی ڕووبارەکان لەبەر قووڵی دۆڵەکان و تیژ ڕۆیشتنیان بۆ هاتوچۆ و گواستنەوە دەستنادەن (کاکەیی، ٢٠٠١: ل٧).

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی دەوڵەمەندە، نەخشەی (٢)، گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمانەن:

**٣-١-١ ڕووباری چۆمان:**

سەرچاوەی هەڵقوڵاوی ئەم ڕووبارە لە گوندەکانی شیوەڕەش و گوندەژۆرە، ئەم ڕووبارە بە ڕووباری سەرەکی چۆمان دادەنرێت و سەرجەم لقە ڕووبارەکانی تر دەڕژێنە ئەم ڕووبارە، وەک ڕووباری ناوەندە و باسان و باڵەیان و ڕووست، دواتر لە تەک ڕێگای سەرەکی هاملتۆن لە لای ڕۆژهەڵاتی شاری چۆمان ئەم ڕووبارە لە باکور بە ئاراستەی باشوری شاری چۆمان ڕێدەکات، دواتر شاری چۆمان جێدێلێت بەرەو شاری سۆران و ڕواندز دەڕوات، ئینجا لە کۆتایی دەڕژێتە زێی گەورە (حمد، ٢٠٢١، ل٩٧).

ڕووباری چۆمان تاکە ڕووبارە بە ناوەڕاستی شاری چۆمان تێپەڕ دەبێت و ئەم شارە دەکات بە دووبەش، کە هەر بەشێکی چەندان لقی ڕووباری لە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێدەرژێت، لە لای ڕۆژئاوای شارەکە ڕووباری دێڵزە و ناوەندەی تێدەرژێت، کە ڕووباری دێڵزە سەرچاوەکەی لە چیای بەردەبووک و گەردین و کانیاوەکانی ئەم ناوچەیە هەڵدەقوڵێت و دەڕژێتە ڕووباری چۆمان هەر لە ناو سەنتەری چۆمان. لە سەر ڕووباری دێڵزە چەندان شوێنی گەشتیاری بنیاتنراوە، گرنگترینیان گەشتیاری کاولانە، کە چەندین خانوو و کەپری گەشتیاری لەخۆدەگرێت، ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن، بە تایبەت لە وەرزی هاویندا. ڕووباری ناوەندەش، لە لای ڕۆژئاوای شارەکە دەڕژێتە ڕووباری چۆمان، سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕووبارەش لە بناری

هەڵگوردە، لەگەڵ کانیاوەکانی ئەم ناوچەیە، کە ئاوێکی سازگاری هەیە و چەندین شوێنی گەشتیاری گرنگی لە سەر بنیاتنراوە، وەک شوێنی گەشتیاری گەلی ناوەندە و شوێنی گەشتیاری هەڵگورد. نەخشەی ژمارە (٤).

لە لای ڕۆژهەڵاتی شارەکەش، هەریەک لە ڕووبارەکانی سەکران و باڵەیان دەڕژێنە ڕووباری چۆمان. ڕووباری سەکران لە بناری چیای حەساری سەکران هەڵدەقوڵێت، سەرچاوەکەی بەفری سەرچیاکەیە، کە بە درێژایی ساڵ بەفری لە سەر دەمێنێتەوە. ئەم ڕووبارەش لە ناوپرداندا دەڕژێتە ڕووباری چۆمان. کە چەندین شوێنی گرنگی گەشتیاری لە سەر ئەم ڕووبارە هەڵکەوتوون، وەک هاوینەهەواری گەلی سەکران و گەلی دووبرایان و ناوپردان (قادر،٢٠٢٢، ل٢٨).

**٣-١-٢ ڕووباری باڵەیان:**

ڕوباری باڵەیان سەرچاوەکەی کانی سپییە لە چیای قەندیل. ئەم لقە بە ئاراستەی باشور و باشوری ڕۆژئاوا ڕێدەکات و درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی (17.4)کم، لە پردی حافیز تێکەڵ بە ڕووباری باڵەک دەبێتەوە (قلاتی،٢٠١٥، ص٣٦).

**٣-١-٤ ڕووباری باسان:**

ڕوباری باسان، کە لە دامێنی بەرزاییەکانی زنجیرە چیاکانی سەکران و قەندیل هەڵدەقوڵێت و بەرەو باشوری ڕۆژئاوا ڕێدەکات، درێژییەکەی (13.7)کم دەبێت، لە گوندی ناوپردان ئاوەکەی دەڕژێتە ڕووباری چۆمان (قادر،٢٠٢٢، ل٢٨).

**٣-١-٥ ڕووباری ڕووست:**

ئەم ڕووبارە لە دامێنی چیاکانی حەساری ڕووست و گۆشینە و حەسەن بەگ هەڵدەقوڵێت بەرەو باشور ڕێدەکات، لە پردی بن کێلان دەڕژێتە ڕووباری چۆمان، کە درێژی ئەم ڕووبارە

١٦.٥کم دەبێت، چەندان خانوو و کەپری گەشتیاری کەوتوونەتەسەر ئەم ڕووبارە (قادر،٢٠٢٢، ل٢٨).

ئەمانە و چەندین گۆم و تاڤگە و کانیاویش لەخۆدەگرن وەک لە نەخشەی ژمارە (٢) دیارە.

نەخشەی ژمارە (٢) دەرامەتی ئاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشتبەستن بە مۆدێلی بەرزی و نزمی ژمارەیی ناوچەی لێکۆڵینەوە (DEM) بە وردبینی 30 مەتر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis 10.7.

**٣-٢: ئاوی ژێرزەوی**

ئاوی ژێرزەوی ئەو ئاوەیە، کە لە بۆشاییەکانی نێوان گەردەکانی خاک و درزەکانی نێوان بەردەکانی ژێر زەویدا هەیە (بکر، ٢٠٠٣: ل١٤٩). ئەو ئاوەی لە ڕێگای باران و توانەوەی بەفرەوە بە هۆی کونیلەی بەردەکان دادەچۆڕێتە ناو زەوییەوە (کاکەیی، ٢٠٠١: ل٧). مەبەست لە ئاوی ژێرزەوی بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان خاک و چینە بەردەکانی ژێر زەویدا هەن، هەندێکجار بە شێوەی سروشتی دێنە دەرەوە لە شێوەی کانیاو، هەندێکجاریش

بەشێوەی دەستکرد لە ڕێگەی هەڵکەندنی بیر و کارێزەکان دەهێنرێنە سەر زەوی (الطالبانی، ٢٠٠٩: ل٢).

بڕی لەبەر ڕۆیشتوو و دابەشبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، پشت بە بڕی باران و بەفری تواوە و پلەی کونیلەداری بەردەکان و پلەی لێژی ڕووەکان و لاری چینەکان و پرۆسەکانی ڕامالّین دەبەستێت، لە هەمانکاتدا بڕ و جۆری ئاوی ژێرزەوی پشتدەبەستێت بە ئاووهەوای ناوچەکە و شێوەکانی بەرزی و نزمی و سروشتی پێکهاتەی بەردەکان، جۆری ئاوی ژێرزەوی لە ڕووی فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆژی و ئەو سەرچاوانەی لێیانەوە هەڵدەقوڵێن جیاوازییان هەیە، ئەم جیاوازییەش بۆ فاکتەری جۆری بەردەکان دەگەڕێتەوە، کە ئاوەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، خێرایی ڕۆیشتنی ئاوەکان، سروشتی پۆشاکی ڕووەکی، بارودۆخی ئاووهەوای جێگیر، سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی، هەموو ئەم فاکتەرانە جۆری ئاو و تایبەتمەندییەکانی ئاوی هەر ناوچەیەک دەستنیشاندەکەن (النبوی، ٢٠٠٤: ل٨٩).

لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین کانیاوی سروشتی هەیە، کانیاو و سەروچاوە بە شێوەیەکی سروشتی لە ژێرزەویەوە هەڵدەقوڵێن بەبێ هیچ دەستکارییەکی مرۆڤ و بەشێکە لە ئاوی ژێرزەوی (تالەبانی، ٢٠١١: ل٩٩).

زۆری بڕی دابارین لە قەزاکە، فاکتەرێکی سەرەکی دەوڵەمەندبوونی ناوچەکەیە بە ئاوی ژێرزەوی، چونکە بە گوێرەی ئامارە بەردەستەکان، تێکڕای بارانی ساڵانەی لە سەرووی (٩٠٠ملم) و تێکڕای بەفر بارینی ساڵانەی دەگاتە (٢٥سم). ئەوە لە کاتێکدایە، کە نابێت جۆری خاک و پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی ناوچەکە لە بیربکرێت، ئەمانە بە جۆرێکن ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئاو دەدەن بۆ چینەکانی خوارەوەی خاک، لە ئەنجامدا چەندان کانیاوی جۆراوجۆر لە ناوچەکە دەرکەوتووە، کە هەندێکیان هەمیشەیین و هەندێکیشیان وەرزین، وێرای ئەمەش لە ڕووی جۆری ئاوەکانیان جیاوازن.

ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هۆی زۆری دابارین، قووڵی ئاستی ئاوەکەی (٣٠م)ە لە ئاستی ژێرزەوی، دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی، وایکردووە بە دەگمەن نەبێت بیر و کارێز لە ناوچەکە بوونی نەبێت، جگە لە بوونی هەزارەها کانیاوی سروشتی لە چیاکانی دەوروبەری شاری چۆمان. لە ناوچەکەدا زیاتر لە (١٣٢١) کانیاوی سروشتی بوونی هەیە، دیارترینیان کانیاوی شێخی باڵەکان و کانی سپی و پڕژییە، کە هەریەک لە کانیاوەکانی شێخی باڵەکان و پڕژێ لە ئێستادا گرنگترین ناوچەی گەشتیاری ناوچەی لێکۆڵینەوەیان لە سەر بنیادنراوە (فەرمانگەی ئاوی چۆمان، ٢٠٢٤).

کانیاوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆرینەیان لە جۆری ئاوی سازگار و شیرینن، کە بە سەر ناوچە جیاجیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشبوونە، زۆربەی گوند و سەنتەری شارنشینی ناوچەکەش بە مەبەستی خواردنەوە و بەکارهێنانی ڕۆژانەیان و کشتوکاڵ سودی لێوەردەگرن. سەرەڕای ئەوەی بەشێک لەو کانیاوانە بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردنی چالاکی گەشتوگوزاری لە ناوچەکە، وەک کانی شێخی باڵەک و کۆیلە، کانیاوەکانی شێخی باڵەکان و باوەکراوە و نەریس بە گرنگترین کانیاوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دادەنرێن، کە بە هۆی چەند پێکهاتەیەکی کانزای تیایاندا توانراوە بۆ لایەنی نۆژداری و چارەسەر بەکاربهێنرێن، بە تایبەتی بۆ نەخۆشیەکانی گورچیلە و هەستیاری پێست(حەساسیە) و تا و ڕۆماتیزم. کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە گشت شار و شارۆچکەکانی هەرێم و عێراق ڕۆژانە سەردانی دەکەن. هەروەها لەگەڵ چەندین تاڤگە و گۆمی سروشتی لە ناوچەکەدا هەن، وەک تاڤگەکانی کانیبەست و کەوەرتە و گۆمەکانی ناوخۆش و بێکۆدیان و بێرمەسارد و چڵدار. نەخشەی ژمارە (٣).

بڕی ئاوی لەبەر ڕۆیشتووی کانیاوەکان جیاوازە، ئەمەش بە هۆی جیاوازی لە پێکهاتەی جیۆلۆجی و جۆری بەردی ئاوگرەکان و بەرزونزمی و خاک و ڕووپۆشی ڕوەکی، بۆ نموونە، کانی شێخی باڵەک بڕی لەبەرۆیشتنی ئاوی دەگاتە (30 لیتر/چرکە) و کانی چۆمان لە سەنتەری

قەزاکە بڕی لەبەڕۆیشـــتنی ئاوی دەگاتە (60 لیتر/چرکە) و کانی حاجی ئۆمەران (60 لیتر /چرکە)، وەک لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

خشتەی(٢)/ ناو و جۆری بەشێک لەکانیاوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| ناوی کانی | جۆری کانی | ناوەنجی خوڕی ئاو لیتر/چرکە |
|---|---|---|
| حاجی ئۆمەران | تەندروستی | 60 |
| کانی بەکرە | تەندروستی | - |
| کانی بایی | تەندروستی | - |
| چۆمان | تەندروستی | 60 |
| شێخی باڵەکان | گەرماو- کانزایی | 30 |

سەرچاوە / (هەنارەیی، ٢٠١١، ل٨٤).

نەخشەی ژمارە (٣) کانیاوەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە/ کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis 10.7 ، بە پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی GIS.

**٤-: دابەشبوونی جوگرافی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی گەشتیاری و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانیان:**

**٤-١: دابەشبوونی جوگرافی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

قەزای چۆمان زیاتر لە (٣٥) ناوچەی گەشتوگوزاری لەخۆدەگرێت (ناوەندەی، ٢٠٢٥/١/٢٠، چاوپێکەوتن)، کە دەتوانین بڵێین، هەر گوندێکی هاوینەهەوارێکە بۆ خۆی، بەڵام چەند ناوچەیەکی دیاریکراو، کە دابەشبوون بە سەر ناحیەکانی سەنتەر و حاجی ئۆمەران تەواو ئامادەکراون بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران و مانەوەیان، کە تەواوی ئاسانکاری گەشتوگوزارییان بۆ دابینکراوە. ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی چەندان شوێنی گەشتوگوزاری و دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشە، کە ئەگەر بێت و بایەخی پێبدرێت دەبێتە هۆی لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاری ناوخۆی و بیانی، کە تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤ زیاتر لە (٢٠٠) هەزار گەشتیار سەردانی ناوچەکەیان کردووە (ناوەندەی، ٢٠٢٥/١/٢٠، چاوپێکەوتن)، هەندێک ناوچەی گەشتوگوزاری لە قەزاکە ناوبانگێکی وایان هەیە، بە جۆرێک نەوەک لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە خوار و ناوەڕاستی عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن، لەوانە هاوینەهەوارەکانی (حاجی ئۆمەران، سەکران، خۆشکان، قەیماسان، گەلی دوبرایان و وێزە)، وێنەی (١)، سەرەڕای چەند گوندێکی گەشتیاریی جوان و سەرنجڕاکێش لەوانە (گوندی گەشتیاریی سەکران، حاجی ئۆمەران، خۆشکان، باڵەکایەتی و کۆدۆ)، نەخشەی ژمارە (٤). چەندان ناوچەی دیکە هەن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هۆی نەبوونی شوێنی مانەوە و ئاستەنگی گەیشتن پێیان بە هۆکاری خراپی ڕێگاکانی هاتوچۆ، گەشتیاران بۆ ماوەیەکی کاتی سەردانی دەکەن لەوانە (تاقگەی کانی بەست، تاقگەی پڕژە، تاقگەی کانییە ڕەش، لوتکەی هەڵگورد، گۆمە سروشتییەکانی فێلاو، بێکۆدیان، ناوخۆش و کرمەسۆران)، جێگای ئاماژە

پێدانە، گرنگترین ئەو سەیرانگایانەی دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزای چۆمان، بە گرنگترین ناوچەی گەشتوگوزاری لە ناوچەکە دادەنرێت و ناوبانگێکی زۆریان هەیە، کە بریتین لە سەیرانگاکانی (سەکران، قەیماسان، گەلی دوبرا، خۆشکان، ئینەومەران، باسان و وێزە) لەگەڵ ئەو تاڤگە سەرنجڕاکێشانەی ناوچەکە، کە دیمەنیکی ناوازەیان دروستکردووە، لەوانە (کانی بەست، پرژە و کانی ڕەش). سەرەڕای گۆمە سروشتییەکەی فێلاو و بێکۆدیان و کرمەسۆران و هاوینەهەوارەکانی دۆلی باڵەیان و کانی کۆیلە، بۆیە ئەگەر بێتو زیاتر گرنگی بەم ناوچە گەشتوگوزارییانە بدرێت، بە تایبەت ئەو سەیرانگایانەی کەوا کێشەی مولکایەتییان هەیە، ئەم گرفتە بە تایبەت لە ناحیەی قەسرێ بە ڕوونی دیارە لە تاڤگەی کانی بەست، کە تاوەکو ئێستا ڕێگای ئۆتۆمبێلی نییە بۆ گەیشتن بە تاڤگەکە. بۆیە پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە بۆئەوەی چالاکی گەشتوگوزار لەو ناوچەیە پەرەی پێبدریت و ببوژێتەوە.

واتە، ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە (٤) بکەین، دەبینین، زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکان کەوتوونەتە بەشی باشوری ڕووباری چۆمان، بە هۆی گونجاوی ئەم بەشە لە ڕووی هەبوونی ڕێگاوبانی باش و هەڵکەوتەی سروشتی شوێنەکە و نزیکی لە سەنتەری شار...هتد. هەرچی بەشی باکوری ڕووبارەکەیە، ناوچەی شاخاوییە و کەمتر بواری دروستکردنی ناوچەی گەشتیاری تێدایە، خراپی ڕێگاوبان و بوونی کێڵگەی مین...هتد، ئەمانە کۆمەڵێک هۆکارن.

هەروەک لە نەخشەکە دیارە، چەندین هاوینەهەوار و کۆمەڵگەی گەشتیاری و شوێنی گەشتیاری بوونیان هەیە، کە توانای لەخۆگرتنی زیاتر (٥٠٠٠) گەشتیاریان لە شەو و ڕۆژێکدا هەیە، بە تایبەت لە وەرزی هاوین و سەرەتای پایزدا. ڕۆژ بە ڕۆژیش هەوارگە و کۆمەڵگای گەشتیاری و شوێنی گەشتیاری لە زیادبووندایە. (ناوەندەیی، چاوپێکەوتن. ٢٠٢٥/١/٢٠)

نەخشەی(٤) دابەشبوونی جوگرافی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشتبەستن بە مۆدێلی بەرزی و نزمی ژمارەیی ناوچەی لێکۆڵینەوە(DEM) بە وردبینی 30 مەتر بە بەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis 10.7

وێنەی (١) بەشێک لەشوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

شێخی باڵەکان گەڵی سەکران



ناوپردان گەڵی دووبرایان

سەرچاوە/ بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری چۆمان،٢٠٢٤.

**٤-٢ پەرەپێدانی گەشتیاری و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتیاری لە قەزای چۆمان:**

بێگومان هەموو پرۆژە و کەرتە ئابوورییەکان توشی کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ دەبن لە بەردەم پەرەپێدانیان، کەرتی گەشتوگوزاریش لەو گیروگرفتانە بێبەش نییە، بۆیە ئێمەش کۆمەڵێک گیروگرفتمان ڕەچاوکردووە، کە لە ئەنجامی سەردانی مەیدانیمان بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە دەستنیشانمانکردووە، هەندێک لەو ئاستەنگانە لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

1- خراپی ڕێگاوبانەکان، ئەوەی تێبینیکراوە ڕێگاوبانەکان وەک پێویست نین، حکومەت وەک پێویست بەدەم کارەکەوە نەهاتووە، ئەوەی کراوە بۆ ڕێگاوبانەکان زیاتر خاوەن پرۆژەکان هەڵساون بە جێبەجێکردنی ڕێگاوبانەکان، ئەمەش وایکردووە ڕێگاکان وەک پێویست نەبن.

2- نەبوونی پرۆژەی گەشتیاری گرنگ و گەورە لە ناوچەکەدا، وەک ئوتێل و چێشتخانە و کافتریا و گازینۆ و پارکی یاری...هتد، کە حکومەت خۆی خاوەنی بێت، ئەوەی هەیە پرۆژەی تاکە کەسییە، ئەویش بە کەموکوڕی زۆرەوە.

3- تەسکی ناوچە گەشتوگوزارییەکانیش یەکێکە لە ئاستەنگەکان، بە تایبەتی لە گەلی سەکران و گەلی دووبرایان و ناوپردان، کە کێشەی زۆر بۆ گەشتیاران دروست دەبێت، هەم لە کەمی شوێنی گەشتیاران، هەم لە کەمی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان.

4- زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکان بۆ خاوەندارێتی کەسی دەگەڕێنەوە، ئەمەش کێشەی لە پەرەپێدانی کەرتی گەشوگوزار لە ناوچەکەدا بۆ حکومەت دروستکردووە.

5- نەبوونی بازاڕێکی هاوچەرخ لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک دوکانێکن لە ناوچەکاندا، کە زۆربەی پێداویستییەکانی گەشتیاران دابیناکەن.

## ئەنجامەکان

1 - دەوڵەمەندی ناوچەکە بە دەرامەتی ئاو (سەرزەوی و ژێرزەوی) کە خۆی لە کۆمەڵێک ڕووبار دەبینێتەوە، ژمارەیان زیاتر لە ٧ ڕووبار دەبێت و لەگەڵ زیاتر لە (١٣٢١) کانیاو، کە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

2 - هەبوونی هەموو ئەو ناوچە گەشتیارییانە، کە زیاتر لە (٣٥) شوێنی گەشتیاری لە ناوچەکەدا لە خۆدەگرێت، ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە، کە ناوچەکە بەرەو گەشتیاری هەنگاو دەنێت، ئەمەش وایکردووە لە ئێستادا خەڵکی ناوچەکە زیاتر پەرە بەم کەرتە گرنگە بدەن و چەندین ناوچەی گەشتیاری جوانیان بنیاتناوە.

3 - ناوچەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە ٥ ڕووباری سەرەکی تێدایە، کە چەندین لقیان تێدەرژێت، درێژی هەریەک لەو ڕووبارانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕووباری شێخی باڵەک(چۆمان) ٣٥کم و ڕووباری ناوەندە ١٤.٩کم و ڕووباری باسان ١٣.٧کم و ڕووباری باڵەیان ١٧.٤کم و ڕووباری رووست ١٦.٥کم دەبێت.

4 - دەوڵەمەندی ناوچەکە بە دەرامەتی ئاو، کاریگەری کردۆتەسەر فێنکی ئاووهەوای ناوچەکە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە.

5 - ڕۆژبەڕۆژ کۆمەڵگە و هاوینەهەواری زیاتر لە ناوچەکە وەبەردەهێنرێت، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.

6 - خراپی ڕێگاوبان و خاوەنداریەتی موڵکایەتی و بوونی کێڵگەی مین، هەندێکی ترن لەو هۆکارانەی بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم پەرەپێدانی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.

## ڕاسپاردەکان:

1- گرنگیدانی زیاتر بە ڕێگاوبانەکان بە تایبەت ئەو ڕێگایانەی بەرەو ناوچە گەشتیارییەکان دەچن.

2- فراوانکردنی زیاتری ناوچە گەشتیارییەکان بە تایبەت ئەوە ناوچانەی دەکەنە سەر ڕووبارەکان.

3- بنیاتنانی پرۆژەی گەشتیاری گەورەتر لە ناوچەکەدا، وەک ئوتێل و مۆتێل و چێشتخانە و پارکی یاری...هتد، بۆئەوەی گەشتیاری زیاتر لەخۆبگرێت و گەشتیاری زیاتر ڕابکێشێت بۆ ناوچەکە.

4- دروستکردنی بازاڕێکی هاوچەرخ کە سەرجەم پێداویستی گەشتیاران دابینبکات و تیایدا بەروبوومی کشتوکاڵی ناوەخۆیی پیشانبدرێت و ساغبکرێتەوە.

5- پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدار پرۆژە و دامەزراوەی گەشتوگوزاری و ئاسانکاری وخزمەتگوزاریی گەشتیاری بۆ ئەم ناوچە گەشتوگوزارییانە دابینبکات بە مەبەستی پێشخستن و پەرەپێدانیان.

## لیستی سەرچاوەکان


- تاڵەبانی، ناهیدە جەمال، ٢٠١١، دەرامەتی سەرچاوە ئاوییەکان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم.

-هەنارەیی، رزگار محمد عوسمان، ٢٠١١، توانستە جوگرافییەکانی دروستکردنی پارێزراوە سروشتییەکان لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و گرنگیان لە بەدیهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

- قادر، هاوکار شمس الدین، ٢٠٢٢، هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزارو کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان لە قەزای چۆمان، ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، بڵاونەکراوە.

- حمد، بژارعبدالستارعبدالقادر، 2021، فراوانبونی شارنشینی و کاریگەری لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری چۆمان، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

– عبدالله، ڕێبین عبدالخالق، ٢٠٢٣، پلان و پەرەپێدانی بەردەوام بۆ گەشـــتوگوزاری ژینگەیی لە پارێزگای هەولێر، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
– سەعید، کامەران طاهر، ٢٠١٤، جوگرافیای عێراق، مرۆیی و چالاکی ئابووری، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی نارین.
– نەقشبەندی، ئازاد محمدئەمین، ١٩٩٩، سەیران و گەشتوگوزار، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر.
– دیوانە، امانج احمد حمدامین علی، ٢٠٠٨، المترکزات الجغرافية للتخطيط السياحى بقضاء سۆران، رسالة ماجستير، غير منشورة، کلية التربية، جامعة الموصل.
– روستی، نادر، ٢٠١٠، گەشتوگوزار نەوتی ئایندەیی کوردستانە، چاپی یەکەم.
– یوسف، ابراهیم، مینە، احمد، ئەژین محمد، چنار محمود، هۆشیار ابراهیم، پشتیوان شفیق، ٢٠٢٤، ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لەسەر پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناحیەی هەڵشۆ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١١.
– محمدامين، أزاد، ١٩٧٩، المقومات الجغرافية الطبيعية لنشوء وتطور السياحة في المنطقة الجبلية من العراق، مجلة كلية تربية، جامعة البصرة، العدد ٢.
– الشرقاوي و اخرون، فتحى محمد، ٢٠٠٦، مبادى علم السياحة، مكتبة بستان المعرفة، الأسكندرية.
– محمدئەمین، هاوڕێ یاسین، ٢٠١٣، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی.
– S.Medlik, Dictinory of Travel, Tourism & Hospitally, 3.ed. butter worth, heinemanu, Great Britain, 2003, pvii.
– Mowrorth, M. and Munt, I, 2015, Tourism and sustainability: Development, globalization and new tourism in the third world. Routledge.
– سعید، کامەران تاهیر، ٢٠٠٨، کۆیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی.
– اليعقوبى، دارا طلعت، ٢٠٠٠، دراسة عن السياحة والتسهيلات السياحية في الشمال العراق، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الهندسة، جامعة بغداد.
– قلاتی، فتاح حسن عبدالله،٢٠١٥، المقومات الطبيعية للسياحة البيئية في قضاء جومان، رسالة مقدمة لنيل درجة ماجستير في الأداب من قسم الجغرافيا، جامعة المنصورة، ميصر.
– شەریف، ئازاد حەمە، ٢٠٠٩، گژوگیای کێوی ناوچەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم (جوگرافیا)، چاپخانەی گرین گالۆری لبنان.
– کاکەیی، فەرەیدوون، ٢٠٠١، داهاتی ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٤).

- بكر، سناء عبدالباقى، ٢٠٠٣، ملادر ثروة االطبيعية في حوض دوكان و سبل صيانتها، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.
- محمد، خليل كريم، ٢٠٠٨، المياه الجوفية في سهل شهروز و امكانيات استثمارها، رسالة ماجستير، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.
- الطالبانى، ناهده جمال، ٢٠٠٩، المياه الجوفية في منطقة مابين الزابين في العراق و استغلالها، مركز بخش للدراسات والنشر، مطبعة ياد، السليمانية.
- النبوى، افراح محمد، ٢٠٠٤، هايدولوجيه و هايدروكيميائية حوض- كردستان العراق، رسالة ماجستير كلية العلوم/ جامعة صلاح الدين.
- حمدامين،ئامانج احمد، و حسين، عمر حسن، ٢٠١٩، النمذجة المكانية لامكانات الطبعية للتنمية السياحية في قضاء جومان، گۆڤارى تويژەر، ژمارەى تايبەت بەكۆنفرانسى بەشى جوگرافى.
-حكومەتى هەریمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، فەرمانگەی ئاوی چۆمان، داتای بیر و كانیاوەكان،٢٠٢٤.
- ناوەندی، هەڵگورد احمد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری چۆمان، ڕێكەوتی چاوپێكەوتن، ٢٠٢٥/١/٢٠.

## دور الموارد المائية لتنمية نشاط السياحية في القضاء چومان

ملخص
تشمل الموارد المائية كلا النوعين؛ للمياه السطحية والجوفية دور كبير على مستوى العالم في مجال السياحة، نرى العديد من المناطق السياحية المهمة في العالم تقع على موارد مائية تعتبر مناطق مهمة وجذابة للسياح مثل المحيطات والأنهار حيث الموارد المائية الهامة لقطاع السياحة، هناك علاقة قوية بين السياح والموارد المائية، ينجذب السياح عادة إلى الأماكن الغنية بالموارد المائية، بعض الموارد المائية موسمية، مع وجود عدة ينابيع مهمة في منطقة الدراسة مما يجعلها تحتوي على عدة مواقع ذات أهمية سياحية في منطقة الدراسة، مما يجعلها مقصداً للعديد من السياح سنوياء، خاصة في فصل الصيف.
كلمات المفاتحية: جومان، السياحة، الموارد المائية.